هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەری دەکات
ژمارە (541) ٢٦ی کانوونی دووەم - ٢٠١٠

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری و لاوان

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان



www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com

د. فوئاد حوسێن بۆ «هەرێمی کوردستان»

# سەردانەکەی سەرۆک بارزانی ئاکامی گرنگی لێدەکەوێتەوە



سەرۆک بارزانی و ئۆباما — ئەرشیف

**ئا: عەمار نەجمەدین**

دوای ئەوەی بە بانگهێشتی فەرمی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا رۆژی هەینی رابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەیاوەری شاندێک کە پێکهاتبوو لە چەندین بەرپرسی هەرێم بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرێکەوت، بڕیاروایە بەرێزیان لەم سەردانەدا چەندین دیدارو چاوپێکەوتن سازبدات، لەمبارەیەوە دکتۆر فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) ڕایگەیاند:

بەرنامەی کاری سەردانەکەی سەرۆک بارزانیی چاوپێکەوتنە بە باراک ئۆباما و دیدارو کۆبوونەوەش لەگەڵ لێپرسراوان و ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی پیران و کۆنگرێسی ئەمریکی، ئەمە جیا لە بەسەرکردنەوەی چەندین ناوەندی هزری و کۆڕو کۆبوونەوەو دیدار لەگەڵ کەناڵەکانی میدیادا،کە لەمیانیاندا ئەو پرسە گرنگانە باس دەکرێن کە پەیوەستن بە رەوشی ئێستای عێراق و پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لەعێراق و قۆناغی دوایی هەڵبژاردن و پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا- عێراق و ئەمریکاو هەرێمی کوردستان و خستنەڕووی دیدو بۆچوون و هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردستان لەهەمبەر سەرجەم ئەم پرسانەدا

دکتۆر فوئاد هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەیارمەتیدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە داهاتوودا بەشێکی گرنگی دیدارەکانی سەرۆک بارزانی دەبێ لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکا، جگە لە باسکردنی پێگەی کورد لە ئایندەی ناوچەکەداو سەردانەکەی سەرۆک بارزانی ئاکامی گرنگی لێدەکەوێتەوە.

وێنەی بەرگی یەکەم: سەفین حەمید